# گۆڕینەوەی فیدراڵیزم بەحوکمی ئیسلامی!
# ماناو راستییەکانی تەوافقاتی "پارتی و یەکێتی" لەگەمەی دەستوردا

خەسرەو سایە k.saya@ukonline.co.uk

ئەم رۆژانە دەزگاکانی راگەیاندن، سەرەنجامی گەمەی دەستورو تەوافقاتی نیوان "لیستی کوردەکان" و"هاوپەیمانیتی عیراقی یەکگروو" یان بەوە ئاشکراکرد، کەهەردوولا لەسەر دەستوریك ریکەوتوون کە عیراقی داهاتوو وەك "دەولەتیکی فیدرالی وئیتحادی وئیسلامی" پیناسە دەکات. هیشتا ئەم ئەنجامە بەرەسمی خۆی ئاشکرا نەکردووە، کەسەرانی یەکیتی وپارتی و دەسەلاتە محلییەکانیان خەریکن باس لەسەرکەوتن و جیگیرکردنی دەستکەوتەکانیان لەدەستوری تازەدا دەکەن و ئەمەش بەناوی "بەهای نەتەوەی کورد" وسەروەرییەکانیەوە تەخشان وپەخشان دەکەنەوە. بەلام ئایا ئەم ئەنجامە هەرلەسەرەتای خۆیدا ئەتوانی چ راستییەك پیشکەش بەکۆمەلانی خەلکی بکا؟ ئایا بەراستی خەلکی کوردستان لەپیناسەیەکی لەم جۆرەدا بۆدەستوری داهاتووی عیراق دەستکەوتیان دەبی یان ئەمجارەش ئەحزابی ناسیونالیستی کورد وحیزبەکانی وەك یەکیتی وپارتی خەریکن بۆمەرام و قازانجی خۆیان بەلا و موسیبەتیکی تر بۆسەرژیانیان ئیزافە دەکەن؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە باسەرەتا لەخودی دەستور وەك مەیدانیك بۆگەمەی بۆرژوازی کورد و حیزبەکانی بروانین:

## ناسیونالیزمی کورد وگەمەی دەستور:

لەئیستای عیراقدا کەپرۆسەی سازدانەوەی دەولەت لەگوردایە، دەستور ئاوینەیەکە لەماهیەت وکارکرد وملاملانێی ئەوهیز و لایەنانەی کەلەدانانیدا دەوریان هەیە. بەمجۆرەش ئەوە خودی دەستورە کە ناتوانی لەبەرنامە وئامانجی هیزەکان و بەرژەوەندییەکانیان دەرچی و لیرەشەوە خەسلەتی دەولەتی داهاتووی عیراق وجۆری نیزامی سیاسی و حکومرانی دیاری بکری. بەلام ئەو هیزانە کین و لەچ پرۆسەیەکی سیاسیدا مافی ئەوەیان پیدراوە لەدانانی دەستوری عیراقدا بەشداربن؟

ریزك لەدەستەوتاقمی قەومی عەرەبی وکوردی وئیسلامی تا دەگات بەپاشماوەکانی بەعس و ئەوانەی کەبەرهەمی سیاسەتی جەنگ و داگیرکاری ئەمریکاو بەهاوکاری دەولەتانی ناوچەکە هینراونەتە سەرشانوی سیاسی ئیستای عیراقەوە و هەریەکەیان ئالای عەشیرەت و تیرەو تایفە و قەوم و شوعبەیەکی دینیان بەرزکردۆتەوە و بەناوی بەشیك لەخەلکەوە خەریکن لەگەمەیەکدا یاری دەکەن تا ئامانج وبەرژەوەندی گلاویان لەبەدەستهینانی کورسییەکانی دەسەلاتیکدا کە ئەمریکا وهاوپەمانانی نەخشەریژییەتی، هەنگاو هەلگرن. ماهیەت و کارنامەی ئەمانە کەبەقەد سەرە دەرزییەك نزیکایەتی نییە لەگەل خواستەکانی خەلکی عیراق وبەدیهاتنی ماف وئازادییەکانی ئەواندا تەنها دەتوانن نوینەری کۆنەپەرستی و داسەپاندنی جۆری نیزام و حوکمیك بن کەلەشیوازیکی تردا هەمان بەلاو موسیبەت و ئەو بیمافیانە دەکانەوە نەسیبی خەلك کە رژیمی بەعس بەدریژایی تەمەنی خوی جیبەجیکردوە. هەربۆیە مەسەلەی دەستور بۆئەم هیزانە لەگەمەیەك زیاتر نیەو هیچ پەیوەندییەکی بەداهاتویەکی دلخوازی خەلکی عیراقەوە نییە. بەلام لەم گەمەیەدا ئەحزابی ناسیونالیزمی کورد دەوریکی یەکجار پیچەوانەیان لەگەل ماف وئازادییەکان و دوارۆژی خەلکی عیراق و کوردستاندا گرتۆتەپیش.

ئەم حیزبانە کە هیچیان لەدەسەلات وبازارەکانی سەرمایەو کالا کەم نییە و15 سالە بەهۆی وەهمی کوردایەتییەوە خەریکی گیرفان پرکردنن وخویان بەسەر ژیان و موقەدەراتی خەلکی کوردستاندا داسەپاندووە وئەوەی ویستویانە لەکۆنەپەرستی وپەلامارو سەرکوت وشەرو ئاژاوە و بیدەرەتانی دەستیان

بۆبردووە و ئیستاش بەناوی "نەتەوەی کورد" و "چارەنوسی کوردەوە" خەریکن کۆنەپەرستترین و دژی ئازادی ترین پرۆژەی سیاسی کۆنەپەرستان بەسەر کۆمەلگای عیراقدا دادەسەپینن. لەم گەمەیەدا ئەم حیزبانە لەسەرو هەر پرەنسیپیکی ئینسانی و ئازادیخوازانەوە، و بۆ مەرامی چەسپاندن و وەرگرتنی سەهمی خویان لەدەسەلات وبازارو سەرمایەی عیراقدا ئامادەن دەسەلاتی ئیسلامی بەسەر خەلکی عیراقدا قەبول بکەن و ئیمزای بۆ لیبدەن. تەنانەت ئەم حیزبانە بەبی ئەوەی گوی بدەنە ئەوەی کە ئاکامەکانی دەسەلاتی ئیسلامی لەعیراق چ تالاو و زوخاویك دەکات بەقورگی خەلکی کوردستاندا بۆیان جیگای سەرنج و گرنگی پیدان نیە بەلکو ئەوەی بۆئەوان گرنگە بەرژەوەندی سەرمایەداران و بۆرژوازی کوردو دەسەلاتەکەیەتی. هەربۆیە گەمەی دەستور بۆ ئەم حیزبانە شتیکی زیاتر لەموزایەدە کردنیکی سیاسی بەدوارۆژی خەلکەوەی شتیکی تری لیپەیدانابیت. موزایەدەکردنیك کەبەئاشکرا سات وسەداومامەلەیەکی کالایی لەنیوان فیدرالیزم و حوکمی ئیسلامیدا ئاشکرا دەکات.

## فیدرالیزم و بەلای حوکمی ئیسلامی ومانا و راستییەکانی:

قبولکردنی حوکمی ئیسلامی لەبەرامبەر وەرگرتنی فیدرالیزمدا ئەمە جەوهەری تەوفقاتی نیوان ناسیونالیزمی کورد و ئیسلامی سیاسییە کە خۆی هیناوەتە نیو پرۆسەی دانانی دەستورەوە. لەمبارەوە ئیدعای ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی ئەوەیە کەدەستور "گرەوی کورد" لەفیدرالیزمدا دەباتەوە، گوایە بەم هۆیەوە "کورد" لەدەست زولمەتی عیراقی "دەولەتی سانترال" دەردەکیشی و دەیباتە "ئیتحادیکی فیدرال-ناوچەیی"یەوە ولەم چوارچیوەیەشدا "کورد" خاوەنی دوارۆژ ودەستور وپەرلمان و یاساو پیشمەرگە و وەزارەتخانەو دادگا و... دەزگاکانی خۆیەتی تانەت زمانی کوردی وەك زمانی رەسمی وولات چاوی لیدەکری... بەلام ئایا ئەم "گرەوە" وئەم ئیدعایانە، تەنانەت ئەگەر بە باری موسبەتیشدا باسیان لیوەبکەین، ئایا ئەتوانی مانایەکی راستەقینەیان ببی وەختیك بچنە ژیر سیبەری حوکمی ئیسلام و دەسەلاتیکەوە کەبەدەست مەلا و ئاخوند و تیرۆریستانیکی ئیسلامییەوەیە کەهیچ جۆرە چاوەروانییەکیان لەبارەی ئازادی وئارامی و خوشگوزەرانی خەلکەوە لیناکری؟

بالەوە بگەرین کە ئەم "دەولەتە ئیتحادی"یەی نیوان تالەبانی وبارزانی لەلایەك وجەعفەری وسیستانی وتاقمەکەی صدرو هاویارانی وەك ئەمانە لەلایەکیترەوە و بەنیوبەندی کەسانیکی وەك عەلاوی وچەلەبی ویاوەر چەندە ئەتوانی پایەداربیت و ئارامی بۆ عیراق بگەرنیتەوە وبەکردەوە دەولەتیك جیگیربکات!، تەنانەت بالەوە بگەرین کەدەستمایەی فیدرالیزمیك کەتالەبانی وبارزانی چارەنوسی کۆمەلگایەکیان بۆخستۆتە پیناوەوە، چەندە لەزەرەری خودی خەلکی کوردستانەو ناتوانی ئەوان لەگرفتی ستەمی نەتەوایەتی دەرکیشی، هاوکات بائەوەش جیبهیلین کە فیدرالیزمەکەی تالەبانی وبەرزانی چ جۆریکەو بەکام پیناسەیەیەوە ئارایشتی دەولەتی تازەی عیراقی پی پیناسەدەکەن!. بەلام ئەوەی لەم مامەلەو ئالوویرەی فیدارلیزم بەحکومەتی ئیسلامی وەك ماناو راستییەك خۆی ئاشکرادەکات ئەوەیە کە:

1-ژیانی ئیستای خەلکی کوردستان کەبەکردەوە سەربەخۆیە، بەناوی فیدرالیزمەوە دەبریتەوە ژیر سایەی دەولەتی مەرکەزی ولەچوارچیوەی یاساو بریارەکانی ئەم حکومەتەدا دەبی بۆ مافو ئازادی و هەلبژاردنی شیوەی ژیانی خۆیان بگەرین. ئەوەی کە حکومەت ئیسلامییەو شەرعی ئیسلام سەرچاوەی دانانی بریارە هەموو بریارو سەربەخۆبوونیکی پەرلەمان وحکومەتی ناوچەیی کوردی پوچەلدەکاتەوە و ناتوانی لەحوکم وبریاریك کەشمشیر بەدەستانی خوا وخەلیفەکانی سەرئەرز هەلیان بریوە دەرچی. ئەمە یانی ئەوەی لەکوردستانیش یاساکان و دەستور دەبی تەبەعیەت لەشەرع و ئیسلام و موقەدەساتەکانی بکات، کەتائیستا بەهویانەوە دەستی ئیسلامی سیاسی و وەزارەتەکانی ئەوقاف و پەروەردەو فیرکردنی گەیاندۆتە ئەوەی لیدان لەمنالان

و کوشتنی ژنان لەکۆمەلگادا بکاتە مۆدیك. ژنانی کوردستان لەمەودوا نەك هەردەبی لەسەفەریان بۆشارەکانی بەغداو خوارو بەئیجباری حیجاب پۆشبن و دەبی رعایەت لەیاساکانی ئیسلام بکەن، بەلکو لەمالی خۆشیان لەکوردستان بەهەمان شیوە لیی لانەدەن. بۆ نوسەرانیك کەتائیستا لەدژی ئیسلام قسەیانکردووە لەمەودا دەبی فتوای مەلاکانی بەغداد بەقانونی عیراقی لەسەر خۆیان لەپال فتوای مەلاکانی کوردستان قەبول بکەن. کریکاران و خەلکانیکی زەحمەتکیش کەئەگەر بیانەویت بۆکار روولەشارەکانی خوارووبکەن، ئەگەر یاساکانی"حکومەتی فیدرال" رێیان بۆکار پیبداو بەبەهانەی "حوکمی ناوچەیی و میزانیەی ناوچەیییەوە" ریگریان نەبن، ئەوا دەبی یاسای ئیسلامی کار ریعایەتبکەن... ئەمانەو دەیان واقعیەتی تر کەدووبارە سەخت بوونەوەی ژیانی خەلکی کوردستان لەم ئالوگۆرەی فیدرالیزم بەحکومی ئیسلامی دەکاتە تەوقی ملیان.

2-لەکوردستانیش فیدرالیزمەکردنی عیراق یەکیتی وپارتی وهیزی میلیشیای بانسەریان دەهیلیتەوە و ئەم قاوغەی بەناو فیدرالیزم، دەکاتە ئەوەی دەسەلاتیکی مەدەنی لەکوردستاندا دانەمەزری و بۆ 15 سالی تریش خەلکی کوردستان لەکایەو مونافەسەی یەکیتی وپارتی دا رابگری و نان و تەعین بوون و ئازادییەکانی ئەوان و ئەمنیەتیان بەتەزکیە وسیاسەتی چەوت وپوچی ئەم دوو حیزبە وهیزی چەکداری باتخەلکیانەوە ببەستریتەوە. تەقسیماتی نیو کابینەی حکومەتەکانیان، کورسییەکانی پەرلمان ودادگاو ململانی لەسەر سەروکایەتی وجیگرەکانی جاریکیتر بەپیوانەی "فیفتی- فیفتی" کوردستان دەباتەوە نیو نەزمیك کەخەلکەکەی لەوە زیاتریان لی بەدەست نایەت کەتائیستا ژیانی ئەوانی هەلواسراو و نامەعلوم راگرتووە.

لەیەك وشەدا فیدرالیزمیك کە ناسیونالیزمی کورد لەگەمەی دەستووردا ئالوگۆری پیکردووە، ژیانی خەلکی کوردستان لە لۆکالیزمیکی دواکەتوودا بەدیار حوکمی میلیشیای حیزبەکانەوە رادەگری و بەدووجار زەرەرەوە تەسلیم بەحوکمی ئیسلامیان دەکات. یەکیکیان حالەتی سەربەخۆیی ئیستا و فرسەتیك کەهەیە بۆ سەربەخۆی بوونی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی ناقەومی ونادینی، لیدەستینیتەوە و دووەمیشیان خەلکی کوردستان بەهاولاتیانی بیماف و ژیردەستەی حوکمی ئیسلام لەکەنار هاولاتیانی شارەکانی بەغداو موسل و بەسرا دا دەنی.

بەلام ئەمە تەنها ریگایەك نییە کەلەبەردەم خەلکی کوردستاندابیت و دوارۆژی ئەوانی پی لەقالب بدری. تەجروبەی کۆن و نویی ئەحزابی بورژوازی کورد چەندین جار ئەوەی ئاشکراکردووە، کە خەلکی کوردستان وداهاتووەکەی بەهۆی سیاسەتی ئەم حیزبانەوە هەمیشە مایەپوچە، بۆیە نابی موقەدەراتی خەلکی کوردستان تەسلیم بە سیاسەت و گەمەی ئەم حیزبانە ببیت. چونکە ئەوان بریاریانداوە هەموو سیاسەت وپرۆژەیەك لەچاوی قازانج و دەسەلاتی خۆیان وچینی پارەدارو سەرمایەدارانی کوردەوە ببینن و بۆئەمەش یەك زەررە چاو لە ئینسانیەت و مافو ئازادییەکانی خەلك ناکان.. کەوایە دەبی مل بەم گەمەو ئاکامە دووبارەبوونەوەیە نەدری. دەبی ریگای سەربەخۆیی کوردستان و دامەزراندنی دەولەت و حکومەتیکی سکولار ومەدەنی ببیتە ئالای نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری خەلك. دەبی خەلکی کوردستان بۆ رزگاربوون لەدەسەلاتی میلیشیای ئەم حیزبانەو حوکمی ئیسلامییان لەدەوری حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق کۆببنەوە. پوچەلکردنەوەی تەوافقاتی کۆنەپەرستانەی نیوان یەکیتی و پارتی وئیسلامییەکان، ئەتوانی هەنگاویك بیت لەراستای خەبات بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی علمانی، نەقەومی نەمەزهەبی لەکوردستاندا.... خەلکی کوردستان لەم خەباتەدا تەنهانین هەموو دنیاو لەپیشیانەوە خەلکی کریکارو زەحمەتکیش و چەپ و سکولاری شارەکانی ناوەراست و خواروو راوەستاون.